سەرنووسەر
یاسین تەها محەمەد
سکرتێری نووسین
شێرزاد هەینی

# هەولێر



لەبنیاتی کەسەوحوابێ شاری هەولێر

رۆژنامەیەکی تایبەتی یە
شارەوانی هەولێر
هەر ١٥ رۆژ جارێک
دەری دەکات

ژمارە «١» ١٥ / ١١ / ١٩٩٢ — هەولێر / رۆژنامەی شارەوانی هەولێر — ٤ لاپەڕە — • نرخی ٥٠٠ فلسە •

# بەراپەڕاندنی کاری رۆژانەی شارەوانی و هاوکاری دانیشتوانی شارەکە، هەولێر دەڕازێتەوە

chalakmuhamad@gmail.com

## ئێمە میوان نین وەک رژێم بە میوانی دەزانین ..

**کافیە سلێمان**
وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار

شارەوانی دەزگایەکی خزمەتگوزاریەو پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ جەماوەر هەیەو بەهاوکاریان خزمەتی فرە لایەنی پێشکەش دەکات . دەستەی ئەم دامەزراوە کارە بنچینەکانی خۆیان رادەپەڕێنن و رۆژانەو لەچەند بواردا بۆ جوانیو پاکی و فراوانی شارەکەیان ئیش دەکەن . بێجگە لەمە بەپێی میزانیەی تایبەتی داڕێژراوی ساڵانەی پرۆژەو باخچەو شەقام و گەڕەکی تازەو بازاری هاوچەرخ ئەنجام دەدەن .

شارەوانی لەخەڵکەوەیە بۆخەڵک بۆیە هەموو کەسێ دەتوانێ بەشداری لەپێشکەشکردنی خزمەتی شارەکەیان بکەن و هاوکاری نیشان بدەن.ئەوەی بۆ سەرکەوتنی کارەکانی شارەوانی هاوڕێز بێت لەپێشکەوتن و گەشەی میللەت و نیشتمانەکەیان بەتایبەتی لەم رۆژەی کەکوردستان بنکەی دیموکراسی و فیدراڵ و پەرلەمانە کەخۆمان خاوەنی دانانی یاساو بڕیارەکانین ، خۆمان پلان بۆ کارەکانمان دادەنێین و پێویستە هەر خۆشمان بەگیان و بە دڵ هاوکاری لەگەڵ دەزگا جۆراوجۆرەکانی بکەین و خۆمان بەمیوان نەزانین وەک چۆن رژێم بەمیوانی دەزانین ، خۆمان خاوەن ماڵ و داڕێژەرو جێبەجێکەری هەموو یاساو سیستەمەکانیەتی .

ئاشکراشە ئیشکردن و راپەڕاندنی رۆژانەمان کێشەی هەیە بەپلەی یەکەم بڕاندن ( تجاوز )ە لەسەر زەوی موڵکی شارەوانیەکان ، جا چ بەئەنقەست بێت یان بیانەوێ نەخشەی بنچینەیی بشێوێنن یان بەبێ موڵەت و باجدان خانووبەرەو باڵاخانە دروست بکەن . گەر لەبێ هوشیاری و نەزانین بێت واتێ بگەن دیموکراسی و حوکمگێرانی خۆمان واتە بەرەڵلایی و بێ یاسایە .

یاساش لەسەرەوەی هەموومانەو بۆیەش بۆ بەرژەوەندی تایبەتی دەیانەوێ خۆیان نەزان بکەن و ئێمەش وای بۆ دەچین یاسا باڵا دەستەو سەرپێچکەرەیش سزای توندی یاسایی دەدرێت .

لاوازی و بێ هێزی داراییو نەمانی ئامێرو کەرستەی یەدەک و سوتەمەنی تەگەرەی زیاتر دەخاتە پێش خزمەت پێشکەشکردن . ئەوەش وەنەبێ دەستەوەستان بین بەڵکو بەپێچەوانەوە وا خەریکن بناغەی ئیشکردن و پلان دانانی زانستی

• بۆ لا ٦ •

## شارەوانی و راگەیاندن

ئەندازیار
یاسین تەها موحەمەد

لەلای هەمووکەس ئاشکرایە شارەوانی دەورێکی کارىگەری لەسەر ژیانی رۆژانەی دانیشتوانی شارەکانی جیهان هەیەو بەپێی ئاوێتەیان دەبێت و دەزگای شارەوانیش دیاردەیەکی نوێ نیەو لەسەردەمی زووەوە هەبووەو بەدەزگایەکی خزمەتگوزاری لەپێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵ ناسراوە، دەوریشی لەبەدیارخستنی ئاکاری جوانکاری وشوێنەوارناسی و نەخشەسازی هەبووە. بۆیەش شارەوانی بەدامەزراوێکی تەقلیدی نەناسراوە بەڵکو لەدێرزەمانەوە ناوی بەندە بەشارستانیەت و ژیاریی و پێشکەوتنی شارەکەی وگەشەو یادە پڕ ئاثارییەکانی شاریش بەشارەوانیەوە دەناسرێت .

کەوابوو بۆ دانانی دوابەردی بناغەی گەشەی ئەم دامەزراوەیە بوونی دەزگایەکی راگەیاندنی هوشیارو چوستە .بەم دەزگایە تەگەرەو کۆسپ و تەنگوچەڵەمەکانی دەخرێتە روو و دەتوانرێ پێشنیارو تێبینی وەربگیرێت و لەم روانگەیەوەش کارو فەرمانەکانی کراوەو بەرچاو دەبێتەوە ئەمەش بەرۆژنامەو بەخشانەو بڵاوکراوەی تایبەت دەبێت .

تاراستگۆبین و نیازمان خزمەتی شارو کۆمەڵانی خەڵکی شارەکە بێت دەبێ پێشنیارو گلەیی و گازاندەو رەخنەکان لەسەر یەک ئاست تەماشا بکرێت و هەرچەندی ئازادانەو بەشێوەیەکی دیموکراسیو بڕیارنامە بابەتەکان بنووسرێنەوەو ئاراستە بکرێت جوانترو چاکتر دەکەوێتەوە، چوارچێوەکەشی فراوانتر دەبێت ئەگەر ئامارو سەرژمێری و راگەیاندن وئاگاداری پێویستی تێدا بڵاو بکرێتەوە .

• بۆ لا ٣ •

# پێکەوە ... بۆ شاری هەولێر

**خوشکانی کابان :**

کەبارمەتی کرێکاری پاککردنەوەی شار دەدەیت خۆت و منداڵە خوێن شیرینەکانت و کومەڵ لەنەخۆشی دەپارێزیت .

**دایکان .. خوشکان .. هاوولاتیان :**

تۆ دەتوانی شارەکەت پاک و خاوێن راگریت ، واچاکە پیسایی و پاشماوەکان لە شوێنی تایبەت کۆکەنەوەو چاوەروانی ئۆتۆمۆبێلی هەڵگرتنی شارەوانی بن .

**ئەی خەڵکی هەولێری بەشەرەف :**

بایەخدان بەچاندن و خزمەتکردنی باخچەکان و ــ دارنەبڕینەوە لەدارستانە گشتیەکان ژینگەی شارەکانمان پاک رادەگرین .

**بۆ خاوەن پرۆژەو کرێچیەکانی شارەوانی:**

کە لەکاتی دیاریکرا و بەتەواوی کرێیەکانو باجەکانی تری تایبەت بە شارەوانی خۆتان بیهێنن و بەرێکوپێکی بژمێرن . دەزگاکانی شارەوانی چاپوک تر دەکەن و زیاتر دەتوان خزمەتتان بکات .

**هەڵکینە :**

شاری هەولێر گلینەی چاوی هەمووما نە ، پێتەختی هەرێمی کوردستانە ، رووانگەی بێگانەو رۆژنامەنووسان و میوانانە ، لە هەموو سووچێکی جیهاندا رووی تێ دەکەن ، کەشارەکەمان قەشەنگ و جوان و پاک بێت . سەربەرزییە بۆ کوردو نیشانەی شارستانییەتی و ــ گەورەیی و ڕێزی ئێوەیە .

* * *

## پیرۆزبایی

خوشحاڵ وسەرفرازین لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی هەولێری خۆشەویست ، گەرمترین پیرۆزبایی بەناوی دەستەی نوسەران و فەرمانبەرو کرێکارانی شارەوانی،ئاراستەی گەلی کوردستانی ئەبەزو پەرلەمان.و حکومەتی کوردستان بەبۆنەی سەرکەوتنی پەرلەمان ودامەزراندنی حکومت ودەزگاکانی و ــ هەڵبژاردن و رازی بوونی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەفیدرالیەتی عێراق و هەروەها خۆشحاڵین بەچەسپاندنی ئاسایش و هێمنی لەشارەخۆشەویستەکەمان ولەکوردستان بەگشتی، هەر بەم بۆنەیەوە بەڵێن دەدەین کەمتەرخەمی لەکاروباری رۆژانەی شارەوانی نەکەین وهیوامان سەربەرزی کوردو کوردستانە .

فەرمانبەروکرێکارانی
شارەوانی هەولێر

## ئاگاداری

ئامادەین هەموو جۆرە ئاگادارییەک بەنرخی هەرزان بڵاو بکەینەوە.
ئاگاداری ، راگەیاندن ، سوپاسنامە پیرۆزبایی و هەموو ئاگادارییەک بڵاودەکەینەوە .

ناونیشان : هەولێر / بەرێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی ت : ٢٣٤٤٦ و ٢٢٩٦٠ و ٢٢٢٣٢ .

## بۆ یادگار

والەخوارەوەو بۆ یادگاری بڕیاری ژمارە (٢٩٤)ی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر لە ١٩٣٧/٥/١١ دەنووسینەوە . ئەوەی شایانی باسە سەرجەم بڕیارەکانی شارەوانی پێش ساڵی ١٩٣٧ و تاسەرەتای شێستەکان بەزمانی کوردی بووە . ئەم بڕیارەش وەک خۆی و بە رێنووسی جاران دەنووسینەوە .

٩٠٠
قــرار

٢٩٤

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٥٠٠ | ١ | بو اکسای فقرای تلمیذانی مدرسەی ابتدائیەی کچان بەمدیرە مانلیدا اشوریان. |

عطفا بەقاقزی معاونی مدیر منطقەی معارفی ژمارە ٢٩٢ و روژ ٣٧/٣/٢٨ کە ـ بوطە بو اکسای تلمیذانی مدرسەی ابتدائیەی کچان وەکو سرەوە بو دراتی ١٫٥٠٠ دینارو پینجصد فلس بەمدیرە مانلیدا اشوریان و لە مادە ٨ فصل ٢ مخصصات و خدمات محسوب کرانی قرار درا .

٣٧/٥/١١ ٥٦/٣/١

• خەڵات •

## دارستان بەهەشتە .. بیپارێزە!!

ئەگەر دارستانی سروشتی و چاندن و بایەخدان بەباخچەو ڕەز لەدێهات و شارو چکەکان بۆ سامانی کشتوکاڵی و گوزەران و سوتەمەنی و کەرستەی دروستکردن بێت ،ئەوا دروستکردنی باخچەی میللی و دار چاندن و ئەنجامدانی پارچەی سەوزایی فراوان و کۆشەی گوڵزار لەشاردا و لەلایەن دامەزراوە رەسمییەکان وتایبەتیەکان و هاوولاتیان بایەخی پێ دەدرێت و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت و وەک چاوان خزمەتی دەکەن و پاسەوانی بەردەوام و شوورەدار دەکرێت و کرێکارو کارمەندی پسپۆرو دەرمانی بۆ دابین دەکرێت ، واتەدارستان لەشارەکان جێگای بایەخەو دەبێ سوودی بێ ژمارەی هەبێت ، وا لەخوارەوە سوودەکانی فرە باخچەیی و پێویستی بوونی دەژمێرین .

١ـ جوانکاری و بەخشینی ئاکاری رەنگین بەشارو بینایەکانی .
٢ـ بەخشینی ئاکاری ئەندازیاری نایاب و سەرنج راکیش .
٣ـ راگرتنی رادەی پاکی ئاووهەوا لە تۆکەنی و پیسی .
٤ ـ بۆ سێبەرو شوێنی حەسانەوەو فێنکی .
٥ـ رێکخستنی رادەی شێ و هەڵمژینی تۆن و دوورخستنەوەی گازی ترساک .
٦ـ کەمکردنەوەی دەنگی ئاپوورەو هاتوچۆو کارگەکان .
٧ـ شاردنەوەی شارستانیەتی میکانیکی .

ئەمانەی سەرەوە چەند سوودی بون و زۆری ئینایی و باخچەو دارستانە ، بۆیە بڕینەوەو کەمکردنەوەی ئەم مافوورە ڕەنگینانەو بایەخ پێنەدان بە بەهەشتی سەر زەوی و خزمەتکردنی و بەکەم زانینی گەنەر سالا بەرزیان زیانیان زۆرەو دەبێ هەموو دەستێک لەبواری چاندن دڵۆفان و عاشق بێت و هەزارەها چەپکەگوڵ و بالای بەرزی ئەدو کەش و تەری گەڵاو نەرمی چیمەن و گیا لەباوەش بگرین و یارمەتی دەزگاکانی شارەوانی بدەین بۆ ئەم مەبەستە .

پیرۆزە ئەو دەستەی گوڵ دەچێنێ و بەرژەنو نووره دەپارێزێت و ئاویان دەدات و ئاموزگاری رازۆکیان دەکات و تێریان دەکات خزمەتی سەوزایی و گوڵ بکەن و لەبەخەیان دەدەن .

● فەرمانبەرێک ●



# پۆستەکانی خێرای شارەوانی

## ئەمینداریەتی هەولێر :

هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقەو بۆیەش ئەگەر جۆری شارەوانیەکەی لەپلەی (نایاب) ببێتە ( ئەمینداریەتی ) وەک پێتەختانی تری جیهان.دەبێ ئەنجومەنی شارەوانیو وەزارەتی شارەوانیو گەشت و گوزار وپەرلەمان ئەم پێشنیارە رەچاو بکەن و بڕیارێکی بۆ دەرکەن .

## هەولێر .. ببێتە دەستە خوشکانی شارەکانی جیهان

شاری هەولێر یەکێکە لە شارە گەورەکانی کوردستانی عێراق،ئەگەر داوەتی شارەکانی جیهان بکرێت و داوایان لێ بکرێت ببێتە دەستە خوشکی شارەکانی جیهان زۆر مانادەبەخشێت و بۆ یارمەتیو کۆمەک و کۆربەنەوەی زانیاریش دوارۆژی ئە سوودی دەبێت .

## بۆ خۆمانە :

ئەم بابەتانە بۆ لێکولینەوەو لەسەر نووسینە ، تکادەکەین پسپۆرەکان بەنووسینی زانستی بەسەرمان بکەنەوەو لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکەمان بلاویان دەکەینەوەو ئازادن لەناوەرۆکی نووسینەکانیان و مەبەستیش گەشەی شاری دێرینی هەولێرەو سەربەرزین بەهەموو بۆچوونێک ..

١- پێشنیاری چارەسەرکردنی پرۆژەی قەلات بەبێ وەرزی ئەمرۆ

٢- ئایا شاری هەولێر لەئێستای گەورەتر بێت ؟

٣- کێشەی گەورەیی و زۆری گۆڕستانەکانی ناو شار چۆن چارەسەر بکەین ؟

٤- بۆشاییەکەی زۆری ئۆردی( سەربازگە ) بەچی پر بکرێتەوە ؟

٥- ئاسانترین بۆچوون بۆ دروستکردنی گۆرەپانی راوەستانی ئۆتۆمۆبێل لەناو شارو بەگوێرەی دانانی بنەڕەتی و بۆچوونی نوێ تر ؟

## بەرپێوەیە ...

بۆ چەسپاندن و ناسینی ناوی گۆرەپان و شەقامو کەرەکەکانی شاری هەولێر وا شارەوانی هەولێر بەچەندین کۆبونەوەی چڕ بەهاوکاری یەکێتی نوسەرانی کورد ـ لقی هەولێر خەریکن ناوە کۆنەکانی شار نەگۆرن و ئاشکراشە رەچاوی ئەو بارو دۆخەی ئێستای دیموکراسی و فیدرال و راپەرین ودێرینی شاری هەولێر دەکرێت ، بەتەواوبونی چەسپاندنی ناوەکان بەتابلۆی گەورەو ئاکار جوان لەشوێنی خۆیاندا دەنووسرێت و ئاگاداری هەموو دەزگایەکیش دەکرێت بۆ بەکارهێنانی ناوە تازەکان .

## پاشماوەی : ئێمە میوانی ئێوەین ..

دەچەسپێت و پلانیشمان هەیە نەخشەی بنچینەیی شارو شاروچکەکان لەبەر رۆشنایی پێویستدا بڕێژرینو دەستەی لێزان مشووری بۆ دەخۆنو کێشەی زەویش لەم چوارچیوەدا چارەسەر دەکرێت و ئیدارەکانیش دەگەرێتەوەو هەموو شتێک دەچێتەوە سەر سکەو ئاسایی دەبێت .

گەرچی وەزارەتەکەمان ساوایە ، بەڵام زادەی ویست و خەبات و فیداکاری ساڵەها ساڵی کومەڵانی خەڵکی کوردستانەو بەجگەرگۆشەی خۆیانی دەزانن و ئەم وەزارەتە ساوایەش دەتوانێ لایەنە چەوتەکانی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس پووچەل بکاتەوەو یاساو خۆشی و جوانی و ئەندازیاری و گوزەرانی کامەرانی ئەنجام بدات .

هیواشم وایە هەموو لایەک خۆی بەبەرپرسیار بزانێت و چارەسەری کێشەکانیش بەکۆی هاوکاری و ئیش کردنی کۆمەلانی خەڵکی شارەکان دەبێت .



# هەناسەیەک

+ شارۆ +

سەوزی رواڵەت شارەی جوانی ئاوا و لەسەر کۆشەیەکیدا خۆشم دەوێت و خەمت بەسەر دەخۆم، کە دەبینم ... لار دەبێتەوەو ... لەسەر ... دەبێتەوەو لەکێڵگەو رێگرێکانیشدا رووخانی خۆم دەکەم ... هەستی جوانی خۆم دەکەم ... تەنیا ... دێرینی ... خۆشەویستی ... گەرەکی ... هەولێر ... هەناسەی دێرینی ... دەبینم ... جوانیەکانی ... دەدات ... لەگەڵت دەبم

## پاشماوەی : شارەوانی و راگەیاندن

شاری دێرینی هەولێر خاوەن مێژووکی پڕ شانازی و خۆراگرتنەو ئالاو هێرشی دوژمنان و داگیرکەرانی وەک تەتەرومەغول وفارسی داوەتەوەو سەربەرزیش ماوەتەوەو شارەوانیەکەش هەرلەساڵی دامەزراندنیەوە کەساڵی(١٨٨٥ی.ز) تائەمرۆ دەزگایەکی سەربەخۆو رووناکیو تیشکی پاک و تەمیر بووەو دەمێنێتەوە .

لەبواری راگەیاندنو رۆژنامەگەریش، بە رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەو چاپەمەنی کاروباری خۆی راڤەکردووەو هەمووشیان بو بالاو جوانی شارەکەی بووە . لاپەرە نووسینە چاپکراوەکانیش تیشکی رووناک و رووی گەشی بووینەو بەهۆی ئەوانیشەوە بە گەشاوەیی بەردەوام بووە .

خۆمانو بێگانەش دەوری شاری هەولێر دەزانن بوویتە قبلەگاهی گەربیدەو سیاسەتمەدارانی جیهان و ناوچەکەش ، هەر لەبەر گرنگی و ستراتیژیەتی و دێرینی ئەم شارە واباشە بواری راگەیاندن لەم دەزگایەی خۆمان کوششبکات و دێری زێرین بنووسێت و بەرەنگبنی بلاویان بکاتەوەو دلنیاشم بۆ پاکیو جوانیو گەشەپێدانی شارەکەیەو بەبایەخدان بەبواری راگەیاندن خەڵکمان لێ نزیک دەبێتەوەو ئاشنایمان بەوتر دەکات و ئەوانیش ئاسانتر لە کێشەکانمان حالی دەبن و بەرهەمو کارو دوارۆژمان جێگای متمانەیان دەبێت .

بۆ شارەوانی هەولێر سەرفرازیو جاویدیە ئەمرۆ لەکەش وهەوای دیموکراسیو فیدرال بتوانێ پلەی خزمەتکردنی بەرزتر بکات و رۆژانی تەعریب و تەبعیس لەبیر جەماوەر بباتەوەو ئیشەکانیشی لەم روانگەوە بۆ قازانجی هەموو لایەک بکات .

هیوامانێ وایە ئەمجارەیان رۆژنامەکەمان کەقەلەمی پاکی بواری راگەیاندنەکەمان تەمەنی درێژ بێت و وەک گۆڤاری هەولێرو رۆژنامەی هەولێر کولێ گەشەی پێس نەبێتەوە دەمەوێ بۆ خەڵکی هەولێر ئاشکرا بکەم با هەموومان پێکەوە ئەم رۆژنامەیە بکەینە مەشخەل ولەبەی پێشکەوتن و جوانی شارەکەمان و هەر لەگۆشەکانیدا تێبینی و راو بۆچوونیان وەرگرین و لەسەریان راوەستین و بۆی بنووسن و بەیارمەتی خودای گەورە پێکەوە لەم ئاسۆ زێرینە بتوانین پێتەختی حکومەتی کوردستانی عێراق بەپێشیارەکانو بابەتەکانی تر ژمارەکانی تری روزنامەکە جوانترو گەشترو باکتر راکرین . لەکۆتاییدا ئارەزوومانەو بەسینگ فراوانیەوە هەموو بۆچوونێک بلاو دەکەینەوەو بەگشتی بۆ گەشەو جوانی شاری دێرینی هەولێرە .

## ئەم رۆژنامەیە بۆچی؟..

سەردەمی شووشەو خنکاندنی دەنگ و رەشکردنەوەی تابلۆی رەنگین.. ئەما شۆستەکاو سووینە تابلۆی بلاکردنەوەی هەموو هزرێک و ئاکشت پەیغێک مافی هەیە بلندگۆی ئاخاوتنی بالاتربێت و چی مەرامە بیلێت.

دەزگایەکی فراوانی وەک شارەوانی هەولێر دەبێ رۆژنامەیەکی راگەیاندن و ئاهوشیارکردنەوە بۆ ئامۆژگاری هەبێت.


ئەوەش وەنەبێ یەکەمجار بێت شارەوانی هەولێر پێ لەم بوارە بنێت و تازە لەم دەرگایە بدات، بەڵکو لەسەرەتای ئەشتەکان بۆماوەیەکی درێژ رۆژنامەی(هەولێر)ی بەعەرەبی وکوردی دەرکردووەو لەچاپخانەی شارەوانی کەرکوکیش چاپکراوەو هەر لە سەرەتای حەفتاکانیش لەسەر دەستی خوالێخۆشبوو موحەمەد مەولود(مەم)و چەند فەرمانبەری قەلەم پاکی تر باشترین گۆڤاری رۆشنبیری لەکاتی خۆیدا لەشارەوانی هەولێر دەرچووەو ژمارە کۆنایەکانی لەچاپخانەی شارەوانی هەولێر چاپکراوە.

ئەمڕۆش شارەوانی پێتەختی هەرێمی کوردستانەو لەکوردستانی ئازادا بوژاوەتەوەو بەنیازی بەشداری راگەیاندن لەبواری کاری رۆژانەی خۆیدا زۆر ئاسایی و پێویستی بەم رۆژنامەیە هەیە.

ئەمڕۆ چەندین رۆژنامەو پەخشنامە لە شیعرو چیروک دەدوێن، چەندین بابەتی سیاسی و تیوریی بۆ هونەرو ئافرەتان و مافی مروڤ هەن.

بائێمەش پێنوسمان بخەینە کەڕو بێینە مەیدان و لایەنێکی گرنگی دەرامونگرا و تیشکی رووناکی بخەینە سەرو ماوە ماوە چەند لاپەرە بەپەیف و مژدەو ئاگاداری و بۆ جوانیو شارستانیەت بالیان بکەینەوەو، لەئاسمانی شینی پێکەرەی شارەکەمان و کوردستان بفرێنین. هەر بەم بۆنەیە دەمانەوێ دەستی یارمەتی وبیری تازە کە لەگەڵ رەوتی رۆژنامەکەمان بگونجێت لە ئامێز دەگرین وسوپاسمان بێ سنوورە حەریش لەگلەیی وکاراندەو سکالاو پێشنیار بۆ راپەراندنی لایەنەکانی کاری رۆژانەی شارەوانی دەکەین و چاوەروانین و دەبێ پشتگیریمان بکرێت.

• شێرزاد هەینی •



## خانوی ریبوار



هەولێرییینە.. ئەم گۆشەیە لەیادی گۆشە تایبەتیەکەی گۆڤاری هەولێری جارانە، وا ئەمجارە بەشی راگەیاندنی شارەوانی هەولێر ئامادەی کردووەو لەژمارەکانی تردا بەنامەو سەرنجو تێبینی ئێوەوە دەنوسرێتو چاوەروانین. بەڵام دەبێ لەقالبی ئەم گۆشەیە دەرنەچێت و بابەتەکانی راستەوخۆ تەماشای کاری رۆژانەی شارەوانی و ئێوە بکات بۆیەش ئاگادارتان دەکەینەوە.

خالۆی ریبوار.. بەپشتی کۆمکۆپالەکەی کۆلان بەکۆلانو جادەبەجادە گەرا و بەچاوە کزەکانی سەیری دۆسیەکانی شارەوانی کرد و ئەو دێرانەی لەهەکبە کردو بۆی نوسار کردن.. مەبەستیش بروابکەن بەس بۆ خزمەتی شارەکەمانە.

* لەگەراجەکانی شارەوانی هەولێر (٨٢) ئۆتۆمۆبێلی هەڵگرتنی پیسایی (کەبس)هەبو بە هۆرنە تایبەتیەکەی ئێوەی بەخەبەر دەهێناو دەست وتەزەر لەخزمەت بوون، بەڵام ئەمڕۆ بەس (٣٠) ئۆتۆمۆبێلی کەبسی خاوەن تایەی نوداش و بێ ئاوێنەیە.. بەڵێ !! ??.

رۆژانە (٢٥٠٠) لتر کازمان دەوێت و نرخی یەک لتریش شەش دینارە.. شوکر هەمووتان (جدول زەرب)تان لەبەرەو دەزانی دەکاتە (یازدە هەزار) دیناری شین و پاک وەدرای.. رۆژانە، رۆژانە... !؟

* گوندی هەولێر، گوند !! چۆن چوار شەقامی گەورەی قیرتاو دەوری دەدات و یەک. ملیۆن بنیادەمی تێدادەژیت، زانکۆیەکی گەورەو سەدان قوتابخانە..هتد ئەی ئەگەر گوند نیە ئەو هەزارەها مەرومالاڵت و کاو کۆلکە...!!؟

* یەک ساڵە.. بەڵێ کەمێکی بازیاتریش بێت (٥٠) هەزار (تەمام )مان چاند، پاش (ئەنفال) بەس (٥)هەزاری ماون، هیچ نیە بەس(سفر)ێکی کەم بووبێتەوە...!!؟

* کەنجی خاوێن وتەرغان بەتاڵ زۆرن و دەسورێنەوە... هەموویان بە (پتی) خۆیان دادەوەشێنن. لەشارەوانی هەولێریش (منظف)ەکان تەمەنیان لە(٦٠)ساڵ کەمتر نیەو هەر دەڵێی (دار رعایە المعوقین و المسنین)ە بۆشیان نیە خانەنشین بکرێن چونکە (مستحیلە) کەس هەبێ. جێگایان پڕ بکاتەوە، خەڵکیش هەلیەتی قیزاو (پەساپۆرت)ئەزوبر) بکەن و بچنە ئەوروپا... دەزانن بۆ..بۆ ئەوەی لەوێ لەئەوروپا لەشارەکانی خۆیان با.... جادەو شۆستەو جامو قاپ و قاچاغی خەڵکی بێکانە بشۆن....


* ملیونێرەکانی شاری هەولێر... زۆرن، ژمارەیان هەندی ئەستێرەکانە... گەر باوەر ناکەن بڕۆن بیانژمێرن بەڵام کەدێنە شارەوانی و کرێ وباجی تایبەتی خۆیان دەدەن.. دەچنە (شێخەللا) بارەی ئەسڵی دەکەنە قەڵپ و تەسلیمی دەکەن. بیورن رۆریشیان زیارەتی ماڵی خواشیان کردیە! ??

* دەزگاو ئامێرو کارمەندانی شارەوانی دەتوانن کوردستان ئاوەدان بکەنەوە..بەڵێ هەموو کوردستان.. بەمەرجێک (گاز) یان هەبێت.. شوکر ئامێری زۆری ماوەو لەبن دەستی تالان و دزانی دەرهێناوون.

*پێمان خۆشە بەبێ پرسی ئەنجوومەنی شارەوانیو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە(فلچە) ناوی گۆرەپان و شەقامەکان رەش نەکەنەوەو خۆیان ناویان لێ بنێن.

* دیارە خالۆی ریبوار، سەرقال و ماندووەو بۆیە تاقەتی چوو و سوورایەوە لای چایخانەکەی (مام قاسم) چایخانەی رەزازی، دەبی لەوێش چا.. پیالەیەک چا بە(٧٥٠) فلس بێت.

*خالۆی ریبوار*



### هاولاتی خۆشەویست:

ئەگەر رۆژانە پیسایی و پاشماوەکانی ماڵەوەوگۆکاکانت لەناو زبڵدانەکاندا (حاویە) کۆبکەیتەوەو فریێ نەدەیتە دەوروپشتیان، ئەوا ئیش وکاری (١٢٢)کرێکارمان لەکۆڵ دەکەیتەوەو دەبیتە هۆی پاککردنەوەی ناوچەکەو شارەکەمان.